


# خوێنەرەوەکە و گەمەکانی ناو بانیۆ

هاشم سەڕاج

خوێنەرەوەکە ڕۆمانێکی «بێرنارد شلینک»ـە و «پێشەوا فەتاح» لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە کوردی و بابەتێکی بەناوی وتەیەکی پێویست نووسیوە و تێیدا لە ساغکردنەوە و یەکلاکردنەوەی ناوونیشانی ڕۆمانەکە دەدوێت، پێی وایە خوێنەرەوەکە، پڕ بە پێستی ناوونیشانە ئەڵمانییەکەیە، چونکە ڕۆمانەکە باس لە کوڕێک دەکات، کتێب بۆ ئافرەتێک دەخوێنێتەوە، لێرەدا مەبەست لە کردەی خوێندنەوەیە، لەوەیە کردەکە، یان خوێندنەوەکە بەبێ حەز و ویستی کوڕەکە بێت.

ئەمەیش بەرانبەر شتێک ئافرەتەکە پێی دەبەخشێت، کەواتە کوڕەکە ناچارە تێکستەکان بەدەنگ بۆ ئافرەتەکە بخوێنێتەوە، بەم شێوەیە وەرگێڕی کوردی وشەی، یان دەستەواژەی «خوێنەرەوەکە» بە شیاو و شایستە دەزانێت کە لەگەڵ ناوەرۆکی دەقەکەیدا ڕێک و گونجاوە.

هەروەها وەرگێڕی کوردی بەم جۆرە لە ژیان و بەرهەمەکانی نووسەر- دانەر- دەدوێت.

بێرنارد شلینک-١٩٤٤- لە ئەڵمانیا و لە شاری بیلەفێلد لە دایک بووە، بەڵام لە هایدلبێرگ گەورە بووە، شلینک لە قۆناغی منداڵییەوە خاوەن بەهرە و توانایی ئەدەبی بووە، شلینک درامایەکی دەنووسی بەنێوی «براکوژی»، دواتر لە تەمەنی چواردە ساڵیدا سۆنێتێک «شیعرێکی چواردە دێڕی» سەبارەت بە خۆشەویستییە خەمناکەکەی دەنووسێت، لە هایدلبێرگ و بەرلین یاسا دەخوێنێت و دواتر وەک یاریدەدەری پرۆفیسۆر، لە زانکۆکانی هایدلبێرگ، دارمشتات، بیلەفێلد، فرایبورگ کار دەکات. ئەمڕۆ بێرنارد شلینک لە بۆن و بەرلین پرۆفیسۆری زانستی دادگەرییە و لە نۆرد - هاین- ڤێستفالن دادوەرە، شلینک زۆربەی ڕۆمانەکانی پۆلیسین، وەرگێڕی کوردی دەڵێت- خوێنەرەوەکە- چوارەمین ڕۆمانی شلینکە، کە وەرگێڕراوەتە سەر (٣٠) زمان بە کوردییەکەوە (٤٠) زمان، ئەم ڕۆمانە لە لیستی کتێبە پڕ فرۆشەکانی نیویۆرک تایمز بە

یەکەمین کتێبی پڕ فرۆشی ئەڵمانی دادەنرێت، باکگراوندی ڕۆمانەکانی شلینک لە کولتوور و مێژووی ئەڵمانییەوە سەرچاوە دەگرێت.

دواتر وەرگێڕی کوردی ڕۆمانەکانی شلینک و ئەو خەلاتانەی کە بەدەستی هێناون، یەک لەدوای یەک تۆماریان دەکات و لە چۆنیەتی بە فیلمکردنی ڕۆمانەکەیش دەدوێت.. ڕۆمانی خوێنەرەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، هەر بەشێکیش بەشێوەی یەک، دوو، سێ...تاد بە بەش بەش نووسراوە، گێڕەوە کوڕێکی مێردمنداڵە، یان هەرزەکارە تەمەنی ١٥ ساڵە و دووچاری زەردوویی هاتووە، ڕاستەوخۆ چرکەکانی ژیانی دەگێڕێتەوە و میخائیل قوتابی قۆناغی ناوەندییە و لەبەر نەخۆشی زەردوویی مۆڵەتی لە قوتابخانە وەرگرتووە و هەندێک جار لە پۆلدا ئامادە دەبێت و لە ماڵەوە دایکی لە بالکۆنەکە جێگای خەوی بۆ ڕاخستووە، لە ئاسمان و هەور و خۆر ڕادەمێنێت و گوێ بۆ یاری منداڵەکانی گۆڕەپانەکە و خوێندنی ڕیشۆڵەیەک هەڵدەخات، ڕۆژێک لە شەقام دەرشێتەوە و خۆی بە دیواری خانوویەکەوە دەگرێت و لە ڕشانەوەکەی بەرپێی دەڕوانێت. ئافرەتێک مشووری دەخوات و پەلی دەگرێت و بۆ نێو دەروازەی خانووەکە ڕایدەکێشێت و بە تەنیشت دەرگای حەوشەکەوە بۆرییە ئاوێک هەیە و دەست و دەم و چاوی میخائیل دەشوات، پاشان ڕشانەوەکە بە سەتڵ ڕا دەداتە نێو زێرابەکەوە، کاتێک هەست دەکات میخائیل دەگری، توند لە ئامێزی دەگرێت و بەسینەی هەست بە مەمکی دەکات، پێی دەڵێت کوڕیژگە کوڕیژگە لە کوێ دەژیت، ئیتر جانتاکەی قوتابخانە لە دەستێکیدا و دەستەکەی تری لە قۆڵی کوڕە بەرەو ماڵەوە بەڕێی دەکات، شەقامی بانهۆفشتراسە لە شەقامی بلومنشتراسەوە دوور نییە و لەپێش خانووەکەیاندا بەڕێی دەکات، هەمان ڕۆژ دایکی پزیشکی بۆ دەهێنێت و چارەسەری نەخۆشی زەردوویی بۆ دەکات، دواتر ڕووداوەکە بۆ دایکی باس دەکات و حەز دەکات لە پارەی ڕۆژانەی خۆی چەپکێک گوڵ بکڕێت و وەک دیاری بۆ ئافرەتەکەی ببات و سوپاسی بکات، بەو شێوەیە لە کۆتایی مانگی شوباتدا دەچێتە شەقامی بانهۆفشتراسە.

لەوەیە ئەم دەسپێکە بەشێک لە لایەنەکانی ڕووداوەکە ڕوون بکاتەوە، پاشان چەشنی ڕووداوێکی ئێرۆتیکی دەکەوێتەوە، چونکە دەق لە بنەڕەتدا هەڵگری بنیادێکی سێکسییە و سەرجەم جوانییەکانی بوون و کات و جیهان لە جووڵەکانی جەستەدا دەبینێتەوە، بەڵام ئەم ئافرەتە کێیە کە لە شەقامی بانهۆفشتراسەدا فریای دەکەوێت و یارمەتی دەدا، ئەوە «هاناشمیتس»ـە، ژنێکی لاواز و نێسی جوان و سەلار تەمەنی ٣٦ ساڵە و لە ترامـوادا وەک جابییەک کار دەکات، میخائیل دەڵێ «هانا دە ساڵ لە دایکم گەنجتر بوو، بەڵام بە دایکم دەشیا» دەقی خوێنەرەوەکە لە بەشی یەکەمدا زۆر بە قووڵی کار لەسەر جەستە و جووڵە و جوانی جەستە و چێژی سێکسی دەکات، میخائیل دوای ئەوەی ماڵەکەی هانا دەدۆزێتەوە چەپکێک گوڵی بۆ دەبات و هانا بە شێوەیەکی جوان پێشوازی لێ دەکات، میخائیل خەریکە بڕوات، هانا پێی دەڵێ کوڕیژگە بووەستە منیش دێم با خۆم بگۆڕم، میخائیل لە درزی دەرگای موبەقەوە سەیری هانا دەکات، چۆن گۆرەوی لەپێ دەکات و گۆرەوییە درێژەکان تا کۆتایی ڕانی هەڵدەکێشێت و بە ئاسقەکانی قایمیان دەکات، خانم شمیتس جەستەی جوانە، جووڵەکانی جەستەی جوانتر، جووڵەی جەستەو جوانی پۆز و چۆنیەتی وەستان و ڕەنگی شەوکراسە سەوزەکەی وەک وێنەیەکی ناوازە لە زەین و ئەندێشەی (میخائیل)دا دەمێننەوە.

دەق بەم شێوەیە وەسفی مەتبەخەکەی خانم شمیتس دەکات، چونکە زۆرترین کردەی سێکسی و چێژی خوێندنەوە لەم موبەقەدا ڕوودەدات، [مەتبەخەکە مەزنترین ژووری ئەپارتمانەکە بوو، تەباخ و دەستشۆر، بانیۆ و بۆیلەر، مێزێک و دوو کورسی، کەوانتەرێک، کەنتۆرێکی جل و قەنەفەیەکی تێدابوو، بەسەر قەنەفەکەدا چەرچەفێک بلاوکرابووەوە، مەتبەخەکە پەنجەرەی نەبوو، تیشک لە جامی دەرگاکەیەوە دەهات، کە دەچووە سەر بالکۆنەکە، تیشکێکی زۆرنا- مەتبەخ تەنیا کاتێک ڕۆشن بوو، کە دەرگاکە لەسەر پشت بوو].. [پاشان لە دارتاشەکەی حەوشەکەوە،

گوێت لە خڕەی مشار دەبوو و بۆنی تەختەت دەکرد].

هەروەها بە وردی وەسفی ژوورە تەسکوترووسکەکەی میوان دەکات، زۆرجار گێڕەوە، یان «میخائیل»ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە کاتێک لە خانم شمیتس دەدوێت، بەشێوازێکی نوستالیژی شێوە و ڕوخسار و قژی زەردی و بەروانکە شینە بێ قۆڵەکەی بەری دەهێنێتە بەرچاوی، بە تایبەتی کاتێک لە مەتبەخەکەدا ئوتووی دەکرد.

میخائیل دەیەوێت بڕوا و خانم شمیتس «جارێک بوەستە دەبێت منیش بڕۆم و پارچەیەک ڕێ لەگەڵت دێم»، بەڵام میخائیل دەڕوات بەرەو شەقامی بانهۆفشتراسە، هۆیزەرشتراسە، بلومنشتراسە. چەندان ساڵ بوو ئەمە ڕێگای قوتابخانەی بوو.. ئەوەی میخائیلی گرفتار کردووە پۆز و شێوەی وەستان و جووڵەکانی هانا بوو، بۆیە لە قوتابخانە تکای لە دەنکەکانی دەکرد گۆرەوی درێژ لەپێ بکەن، هەندێک جار وێنەکانی ناو ئەندێشە، یان پۆز و جووڵە و چۆنیەتی وەستانی هانا زۆر بەشێوەی فلاشباک گوزارشتی لێ دەکرێت، هەروەها خڕە و شریخەی مشارەکەی نێو حەوشە لەوەیە لە ڕێگەی جوولە و کارەوە ئاماژە بێت بۆ بەردەوامی ژیان و نیشتەجێبوون، بەردەوامییەک هەم خۆشی و جوانی بە دانیشتوانی ئەپارتمانەکە دەبەخشێت بە بوونی هاناوەش هەم بە کرێکارەکانی دارتاشخانەکە، لە هەمان کاتدا چەپکە گوڵەکەی میخائیل کە بە دیاری بۆ «هانا»ی بردووە، نیشانەیەک دروست دەکات، سەرەتا گوزارشتە لە سۆز و دڵپاکی بەرانبەر ئەو کۆمەکەی کە ژنە لەگەڵیدا کردوویەتی، دواتر نیشانەکە دەلالەتی سێکسی لێ دەکەوێتەوە.

میخائیلی مێردمنداڵ واز ناهێنێت، دوای هەفتەیەک هەمیسان ڕوو لە خانووەکەی خانم شمیتس دەکات، خانم لە ماڵ نییە، پاشان دێتەوە و جلی فەرمی لەبەردایە، تەنوورە و چاکەت، بەدەستێکی خەڵووزی کووک هەڵدەگرێت بەدەستەکەی تری دەفرێک خەڵووزی بەرد، داوا لە میخائیل دەکات لەژێر زەمینەکە دوو دەفری تر خەڵووزی کووک و خەڵووزی بەرد بهێنێت، میخائیل دەم و چاوی بە تەپوتۆزی خەڵووزی کووک ڕەش دادەگەڕێت «سیمات چۆنە= کوڕێژگە، سیمات چۆنە؟» ئاوی بانیۆکەی بۆ بەردەداتەوە پێویستە خۆت بشۆیت، ئاوا ناتوانیت بچیتەوە ماڵەوە، مەبەست لە خستنەڕووی ئەم دیمەن و گفتوگۆیە ئەوەیە کە لێرەوە گەمەکانی ناو بانیۆ و چێژی جەستە سەرهەڵدەدەن، بەڵام گەمەکان بەشێوازێکی ئیرۆتیکی دەست پێ دەکەن، واتە هەردوولا بە عەیش و نۆش و شەیدابییەوە چێژ و خۆشی لە جەستەی یەکتر وەردەگرن، گەمەی ئیرۆتیکی نێوان ژنێکی ٣٦ ساڵ و مێردمناڵێکی ١٥ ساڵ، دەتوانم بڵێم هانا شمیتس لەم یارییەدا چێژی سێکسی بە میخائیل دەبەخشێت، میخائیلیش بەرانبەر بەمە چێژی خوێندنەوە، میخائیل وێڕای وانەکانی قوتابخانە، کتێبی شیعر و شانۆنامە و ڕۆمان و مێژوو دەخوێنێتەوە، بەیەکەوە لەسەر چوار پایەکە بە ڕووتی ڕادەکشێن، یان لەنێو بانیۆکە دادەنیشن میخائیل کتێبی بۆ دەخوێنێتەوە، خوێندنەوەیەک بەدەنگێکی بەرز، پێی دەڵێت ئەی بۆچی خۆت نایخوێنیتەوە ئاخر کوڕێژگە مۆسیقای دەنگت خۆشە، هانا لە سەرەتاوە دەزانێت کە میخائیل بە چەپکە گوڵێکەوە هاتووە سوپاسی بکات، ئەو لە بنەڕەتدا بەنیازی سێکس و سێکسکردن هاتووە، کاتێک ئاوی بانیۆکەی بۆ بەردەداتەوە.

«شامپۆکە بەکاربهێنە و سەریشت بشۆ، هەر ئێستە خاولیت بۆ دەهێنم»

«خۆ تۆ لەبەر ئەوە هاتوویت»

«من...»

دەق بەشێوازێکی سایکۆلۆژی حەز و ویست و خولیای کارەکتەرەکان لە ڕێگەی زمان و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەوە دەخاتە ڕوو.

هانا لە مەتبەخەکە بەرووتی دەوەستاو وەک جابییەک تەمسیلی کارەکەی دەکرد، بلیتەکانی دەکردەوە و دەستی ڕادەوەشاند و بلیتی دەدڕاند، یان کونی دەکرد، ئەم پێوەندییە ئیرۆتیکییە بەردەوام دەبێت، دەتوانن لە ئێستەر «جەژنی هەستانەوەی مەسیح» گەشتێک بە پایسکل بکەن و شەوانیش لە هۆتێلەکان وەک دایک و کوڕ پێکەوە ژوورێک بگرن و تەواوی شەو پێکەوە بەسەر بەرن، میخائیل

بێرگ، یان خوێنەرەوەکە بە زمانی یۆنانی و لاتینی کتێبی بۆ هانا دەخوێندەوە، خوێندنەوەیەک بە دەنگێکی بەرز، میخائیل پێویست بوو بۆ تاقیکردنەوە، کتێبی «ئێمیلیا گالۆتی» و «کابالاّ و خۆشەویستی» بخوێنێتەوە «بۆم بیخوێنەرەوە!»

«خۆت بیخوێنەوە، بۆت دەهێنم»

«خۆ تۆ دەنگێکی هێند خۆشت هەیە، کوڕیژگە، پتر حەزم لێیە گوێ لە تۆ بگرم، وەک ئەوەی خۆم بیخوێنمەوە» هانا بۆ گێڕەوەیەکی سەیرە، هەمیشە حەزی دەکرد بەر لەوەی بچنە ژێر دووش و نێو بانیۆکە، میخائیل کتێبی بۆ بخوێنێتەوە، هەتا چێژی سێکسی و چێژی خوێندنەوە ئاوێتەی یەکتر بێن، ئەم سەرجێییکردنە بەشێوەیەکی سەیر درێژە دەکێشێت و هێزی چێژ و خۆشی ئیرۆتیکی بەردەوامی بە پێوەندییەکە دەدات، عیشقی هانا وا لە میخائیل دەکات ئەم شیعرە بنووسێت:

**کە خۆمان دەکەینەوە**
**تۆ خۆت بۆ من و منیش خۆم بۆ تۆ**
**کە غەرق دەبین**
**لەمندا تۆ و منیش لەتۆدا**
**کە دەتوێینەوە**
**تۆ لە مندا و لە تۆشدا من**
**ئەوە**
**من منم و**
**تۆش تۆیت**

کاتێک میخائیل داوەتی ماڵی خۆیانی دەکات، حەوت شەو لەگەڵ هانا بەیەکەوە دەخەون و خۆی چێشتی بۆ لێ دەنێت و هانا بە ماڵە چۆڵەکەدا دەخولێتەوە و سەیری شتگەلەکان دەکات و دواتر لە ژووری باوکی (میخائیل)دا دەگیرسێتەوە و بەرانبەر ڕەفە پڕ کتێبەکان دەوەستێت و لە ئاوێنەدا سەیری ڕوخساری خۆی دەکات، دەق بەردەوام کار لەسەر جوانی ڕوخسار و عیشق و سێکس و شەیدایی دەکات و هانا لە تیشک و ڕەنگدانەوەی ئاوێنەکەوە دەگاتە ئەو بڕوایە کە ڕۆژێک دادێت جوانی ڕوخسار و جەستەی لە دەست دەدات و [باوکت ئەم کتێبانەی خوێندوونەتەوە، یان نووسیونی] هانا لە سەرەتاوە حەزی بە خوێندنەوەی کتێب و نووسینە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، میخائیلیش نازانێت کە هانا نە دەتوانێت بخوێنێتەوە نە بنووسێت، دواتر لە بەشەکانی تری ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت کە هانا شمیتس ئافرەتێکی نەخوێندەوارە، بەڵام کەس نازانێت ئەو هەلومەرجە چی بووە کە وای لێ کردووە، نەچێتە قوتابخانە و فێری خوێندنەوە و نووسین نەبێت، لە هەمان کاتدا هانا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بیستنەوە فێری خوێندن بێت و هێدی هێدی ئاشنایەتی لەگەڵ پیتەکاندا پەیدا بکات، دواتر ئەم حاڵەتە میخائیل تووشی شۆک دەکات.

میخائیل بێرگ «جەنگ و ئاشتی» تۆلستۆی و «ئۆدیسا»ی بۆ دەخوێنێتەوە، ئەم کردەی خوێندنەوەیە چەندان کاژێر دەخایەنێت، بەڵام میخائیل لە قوتابخانە دڵداری لەگەڵ سۆفیاش دەکات، کچێکی جوانی هاوپۆلیەتی حەزی بە دۆستایەتی «هۆلگەر شلیوتەر» کە وەک ئەو بایەخ بە ئەدەب و مێژوو دەدات، ئەگەرچی زۆرترین کاتی لەگەڵ هانایە، بەیەکەوە لە مەتبەخ لەسەر چوار پایەکەیان، لەنێو بانیۆ بە ڕووتی بەرانبەر بەیەک دادەنیشن و میخائیل بە دەنگی بەرز کتێبی بۆ دەخوێنێتەوە، پاشان دەورووژێن و سێکس دەکەن و چێژی خوێندنەوە و ئیرۆتیک ئاوێتەی یەکتر دەبن، یان جار جارە لە فیلم دەدوێن، هانا بێ هەڵبژاردنی فیلم دەچووە سینەما و سەیری هەموو جۆرە فیلمێکی دەکرد، زۆرجاریش لەگەڵ میخائیل لە بارەی ئەو فیلمانەوە دەدوان کە هەردووکیان بینیویانە.

دەق، وێڕای بەکاربردنی تەکنیکەکانی گێڕانەوە و دیالۆگ و فلاشباک، بایەخی بە بەکاربردنی فیلم و سینەما و شیعر و هونەری نامە گۆڕینەوە و کاسێت پڕ کردنەوە داوە، لە ڕووی سینەماوە، زۆرجار ناوی کۆمەڵێک ئەکتەر دەهێنرێت، بە تایبەتی ئەو دەمەی لە بیرۆکەی فیلمێک دەدوێن و سیما و ئەدگار و هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکان.. دەخەنەڕوو، یان بە خودی خۆیانیان دەچواند، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، دەقی خوێنەرەوەکە لە پڕێکدا کەشی ئاهەنگسازی و گەمە ئیرۆتیکییەکان لە دەست دەدات و کردەی نووسین ڕوو لە مەینەت و تراژیدیا و نائومێدی و هەستی بێ هوودەیی دەکات، بە تایبەتی دوای ئەوەی «هانا شمیتس» شارەکە بەجێ

دەهێڵێت و میخائیل نایدۆزێتەوە.

ئیتر بەشی دووەم و سێیەمی ئەم ڕۆمانە کارکردنە لەسەر قۆناغی حوکمڕانی ئەڵمانیای نازی ۱۹۳۳-۱۹٤٥» ڕایشی سێیەم و ئۆردوگای ئاوشڤیتس کە لە ۳ سەربازگەی سەرەکی و ٤٥ سەربازگەی لاوەکی پێکهاتووە و دیزاینی ئاوشڤیتس بەپێی بیرۆکەی «هاینریک هملر»ی وەزیری ناوخۆی ئەڵمانی بنیادنراوە، لە بەرواری ۱۹٤۲-۱۹٤٤ جووەکانیان بە شەمەندەفەر بۆ ئەم ئۆردووە گواستووەتەوە، بەرەو ژوورەکانی گاز و فڕنەکانی سووتاندن، واتە ئەم دوو بەشەی ڕۆمانەکە کارکردنە لەسەر تراژیدیای هۆلۆکۆستی یەهودییەکان [هانا شمیتس] شکات لێ کراوی ژمارە چوارە، کە لەم ئۆردووەدا وەک پاسەوانێک، یان چاودێرێک کاری کردووە و تۆمەتی ئەوەی دراوەتە پاڵ لە ڕووداوی کەمپێکدا، یان لە ڕەوەکە، کۆمەڵێک ژنە جوولەکە بوونەتە قوربانی کە هانا کەمتەرخەمی کردووە، بەڵام هانا تا دوایین چرکە لە دادگا داکۆکی لە خۆی دەکات و وەک ژنێکی سەلار و سەنگینیش دەردەکەوێت، هانا هەندێک لەو نووسینانەی کە دادوەر بەسەریدا دەسەپێنێت، دانی پێدا دەنێت کە ئەو نووسیویەتی لە کاتێکدا خوێندەواری و نووسینی نییە، هانا شمیتس ئافرەتێکی نەخوێندەوارە شکات و شکاتکارییەکەیش پێوەندی بەو دایک و کچەوە هەیە کە کتێبێکیان لەسەر هۆلۆکۆست نووسیوە و کچەکە بەرێکەوت لە مەرگەساتەکە دەربازی بووە، هانا شمیتس حوکمی هەتا هەتایی بەسەردا دەسەپێنرێت و «میخائیل»یش ئێستا قوتابی کۆلێژی مافە، وەک مافپەروەرێک لە دادگاییەکەدا ئامادە دەبێت کە بەپێی ڕاسپاردەی پرۆفیسۆرەکەیان سیمینارێک لە دادگا و دادگاییکردنەکەدا ئامادە دەکەن، میخائیل هەوڵ دەدات داکۆکی لە هانا بکات، بەڵام ناتوانێت و حەزیش ناکات ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات کە هانا شمیتس ئافرەتێکی نەخوێندەوارە.

ئەوەی لەم ڕۆمانەدا گرنگە میخائیل بێرگ هەتا دوایین چرکەساتی ژیانی لەگەڵ یادەوەرییەکانی هانادا دەژیت و هانا لە زیندان فێری خوێندن نووسین دەبێت و میخائیل چەندان کاسێت و کتێب و نامەی بۆ دەنێرێت، ئەم تێکستە لە دەسپێکەوە هەڵگری بنیادێکی هیدۆنییە و جەخت لەسەر هێزی ژیان «ئیرۆس» دەکات، بەڵام لەژێر کردەی نووسیندا هێزێکی شاراوەی مەرگ «تاناتۆس»ی خۆی حەشارداوە و هێدی هێدی مەینەت و مەرگەسات و پووچێتی بوون دەخاتە ڕوو و چرکەساتەکانی چێژ و بەختەوەری بۆ تراژیدیا دەگۆڕێت، جوانی چەشنی باڵندەیەکی کێوی لە شەقەی باڵ دەدات، ئێستا (هانا شمیتس)ی شۆخ و نەشئەبار بۆنی پیرێژنێکی قێزەونی لێ دێت، هانا لەگەڵ ئەوەی لە گرتووخانەدا خووی داوەتە خوێندن و نووسین و جار جارە چەند ڕستەیەکی شیعریش دەنووسێت، کەچی لە ناخەوە هەست بە خەمۆکی و نائومێدی دەکات ئەگەر چی ماوەی زیندانییەکەی تەواو کردووە و میخائیلی مافپەروەر لە کارگەیەکی جلوبەرگ دروویدا کاری بۆ دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەو بڕوای بە ژیان نەماوە، بۆیە ڕۆژێک بەر لەوەی لە زیندان ئازاد بکرێت خۆی هەڵدەواسێت ئەم ڕووداوە دوای ئەوە دێت کە میخائیل لەگرتووخانەکە سەردانی دەکات و دەبینێت خەریکی کتێب خوێندنەوەیە، دەق لەسەرەتاوە سەرجەم ڕووداوەکان پابەندی کتێب و کتێب خوێندنەوە دەکات.

دەتوانم بڵێم کردەی خوێنەرەوەکە لە سەرەتاوە مۆرکێکی سێکسی لەخۆ گرتووە، چونکە کردەی نووسین لە بنەڕەتدا وەک [ڕۆلان بارت] لە زۆربەی نووسینەکانیدا جەختی لەسەر دەکات، کردەیەکی سێکسییە، لێکخشانی پیتەکان، هەست و خرۆشان، کردەی خوێندنەوە و خوێنەرەوەکەیش بە هەمان شێوە، خوێنەرەوەکە گێڕەوەیە کە کردە چێژ بەخشەکە بۆ بیسەر، یان بۆ «بۆ گێڕەوە» کە دەگێڕێتەوە، یان دەخوێنێتەوە، بۆ گێڕەوە هەم چێژ لە تۆنی مۆسیقی دەنگی گێڕەوە وەردەگرێت، هەم لە کەشی جوان و ئاڵۆزی نووسین، واتە ئەمە کردەی نووسین و کتێبە، دواجار دوالیزمەکانی ژیاندۆستی و مەرگدۆستی تێکدەشکێنێت و حەقیقەتی «دازاین» دەخاتە ڕوو، کە بریتییە لە بوونێک لەنێو جیهاندا دەژیت و هەر لەویاش لەنێو دەچێت.

دواتر ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لە

چەند وێنەیەکی زەینی کە لە ئەندێشەی «میخائیل بێرگ»دا تۆمار دەبن و چێژ و ئازاری پێ دەبەخشن.. وێنەکان پەیوەستن بە پۆز و وەستان و جوولەکانی جەستەی هانا شمیتسەوە.

- هانا کە لە مەتبەخەکەدا گۆرەوییەکان لەپێ دەکات.
- لەپێش حەوزی بانیۆکەدا خاولییەکەی ڕاگرتووە.
- بە عەزیە شەکاوەکەیەوە پایسکل لێ دەخورێت.
- لە ژووری کارکردنی باوکی میخائیل دا وەستاوە.
- لەپێش ئاوێنەکەدا سەما دەکات.
- لە مەلەوانگەکەدا تەماشای میخائیل دەکات.
- لە کاتی خوێندنەوەدا گوێی بۆ ڕادەدێرێت و لە کۆتاییدا بە مست دیوارەکە دەکوتێتەوە.
- هانا دەخزێتە نێو خەونەکانەوە و خەیاڵی سێکسی دەورووژێت.

میخائیل بێرگ لەسەردەمی دەوامی لێکۆڵەری دادوەری لەگەڵ «گێترورد» هاوسەرگیری دەکات و کچێکیشیان دەبێت بەناوی «جۆلیا» دواتر هاوسەرگیرییەکە هەڵدەوەشێتەوە و لێک جیا دەبنەوە. پرۆفیسۆری سیمیناری مۆڵگەکان دەمرێت، میخائیل بەردەوام لەگەڵ گرتە و وێنەکانی هانادا دەژێت کە لە ئەندێشەیدا بەرجەستە کراون و چێژی زەینی پێ دەبەخشن، ئیتر بەم پەخشانە کۆتایی بە نووسینەکە دەهێنم کە دەربارەی ڕۆمانەکە نووسیومە..

**کات قێزەونییەکانی لەش**
**دەردەخا**
**«هانا شمیتس»ی**
**ژنە کارمەندی تراموا**
**جەستەی بنێسی جوانە**
**پۆز و وەستان و جوولەکانی جوانتر**
**هانا خۆشییە شینەکانی بوون**
**لە گەمە ڕەنگاوڕەنگەکانی**
**ناو بانیۆدا دەدۆزێتەوە**
**کاتێ لەگەڵ «میخائیل بێرگ»ی**
**هەرزەکاردا تێک دەئاڵێن**
**چێژی خوێندنەوە و سێکس**
**ئاوێتەی یەکتر دەبن**

**«سەرچاوە»**

**خوێنەرەوەکە: ڕۆمان**
**نووسینی: بێرنارد شلینک**
**وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح**
**بابەت: ڕۆمان**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**چاپی یەکەم،ساڵی ٢٠٠٩**
**کوردستان: سلێمانی**